## بارنێتا یاریزانی هەڵبژاردەی سویسرا:

# هەر لە منداڵیەوە بە ئاستی زیدان سەرسام بوومە



**ترانکیلۆ بارنێتا کە تەمەنی (٢٤) ساڵە، یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی هەڵبژاردەی سویسرایە، بارنێتا لە حوزەیرانی ئەمساڵ روو لە مۆندیالی باشووری ئەفریقیا دەکات. ئەم یاریزانە بە تەمەن بچووکە ماوەی پێنج ساڵە لە خولی یانەکانی بۆندسلیگای ئەڵمانی یاری دەکات، ئەویش لە یانەی بایرن لیڤەرکوزنە کە بە گەشەترین کاتی تێدەپەڕێت، ئەمە دەقی دیمانەی ئەم یاریزانەیە.**

*** تاقیکردنەوە سەرەتاییەکانت لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا بوو ئەویش لەگەڵ یانەی ئێڤ سی سانت جالن دا، چ یادەوەرییەکت لەم تاقیکردنەوەیە دێتەوە بیر؟**

- تاقیکردنەوەیەکی زۆر خۆش بوو، من لە یانەی سانت جالن پێگەیشتم و تەمەنم ١١ ساڵ بوو پەیوەندیم پێوەکردن و ئەو کات لە تیپی منداڵان یاریم دەکرد و هەر لەو کاتەشدا بیرم لەوە دەکردەوە کەی لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەم یاری دەکەم، یەکەمین یاریم لە ریزی هەڵبژاردەی سویسرا مایەی دڵخۆشی بوو، چونکە هەموو برادەران و خزم و کەس و کاران و ئەندامانی خێزانەکەم ئامادەبوون.

*** تا گەیشتی بەم ئاستەی ئێستات ماندووبوونێکی زۆرت چەشت، چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەمکارە کرد؟**

- سەرەتای دەستپێکردنم نەمدەتوانی بە ئاسانی مامەڵە لەسەر ئەو پاڵەپەستۆیە بکەم کە بەهۆی تۆپی پێ بەسەرم هاتبوو، رۆژ بە رۆژیش ئەرکەکەم گرنگتر دەبوو، دەبوایە پارێزگاری لە ئاستم بکەم و بەڵکو باشتریش دەبم، لە تەمەنی (١٧) ساڵیدا زۆر گوێم لە رەخنە و گلەیی جەماوەر نەدەگرت، دەبێ یاریزان سەردەمانە و راستگۆ بێت لەو کات و ساتەدا.

*** تەمەنت گەیشتە ١٩ ساڵ و پەیوەندیت بە خولی ئەڵمانیا کرد، چۆن پێشوازیت لەو ژیانە نوێیە کرد کە لە برادەران و کەس و کارت دووریکەوتوویتەوە؟**

- زۆر لام گرنگ نەبوو، سەرەتا لە هانۆڤەر بۆ یەکەمین جار لە ژیانم بمە خاوەن شوقە و ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ پێشکەوتنم، چەند کۆسپێکیش هاتنە سەر رێگام، لەوانە راهێنەر بەشێوەیەکی زۆر لە یارییەکاندا یاری پێ نەدەکردم.

*** ئایا بەهیوای ئەوی ئەمساڵ لەگەڵ بایرن لیڤەرکۆزن خولی بۆندسلیگا ببنەوە؟**

- نەخێر، ئێستا بیر و هەستمان لە یانەی ڤێردەر برێمەنەو هەوڵ دەدەین کە بەشداری لە خولی یانەکانی ئەوروپا بکەین، ئێمە هەموو ساڵێك و لە کۆتایی وەرزدا دەگەڕێینەوە پلەکانی دواوە، بەڵام ئەمساڵ ئەمە دووبارە نابێتەوە، دەبێ ماوەیەکی زۆر لە پلە باشەکان بین.

*** بگەڕێینەوە هەڵبژاردەی سویسرا، چۆن ڕۆڵی خۆت لەو تیپە دەبینیت؟**

- وای بۆ دەچم لە زۆربەی زۆری یارییەکان یاری بکەم و ئەزموونێکی باش بۆ خۆم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بەدەست بێنم، ئەمەیان بۆمن کارێکی گرنگە. لە دوایین یاری ئاستێکی بەرزم نیشاندا و ئێستاش هەڕەشەیەکی جدی دەکەمە سەر گۆڵی ڕکابەرەکانم و دەمەوێ پارێزگاریش لە شوێنی خۆم لە پێکهاتەی سەرەکی بکەم.

*** دوای شکستی هەڵبژاردەی سویسرا لە یۆڕۆی ٢٠٠٨ کە خودی سویسراش میوانداریيەتی دەکرد، ئۆتمار هێتسفلید ئەرکی ڕاهێنەرایەتی وەرگرت. ئەم ڕاهێنەرە لە چ پایەك دەبینیت؟**

- کارەکانی لەسەرخۆیە و بیری قووڵی هەیە و خاسیەتەکی تایبەتی هەیە کە زۆر بەتەنیا لەگەڵ یاریزانەکان قسە دەکات، ئەمەش گرنگییەکی خۆی هەیە، پەیوەندی تیپ لەگەڵ ڕاهێنەر زۆر بەهێزە. نازانم کێ دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی ئەم ڕاهێنەرە گەورەیە کە خاوەن ئەزموونێکی زۆر باشە.

*** سەنگ و ڕۆڵی ڕاهێنەر لەو دەستکەوتانی بەم دواییە بە دەستهاتووە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەمە بە بیر و هەست و کەسایەتی خۆی هاتووە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکی لە کارە سەرەکییەکان نەکردووە کە تیپەکەمان پێشتر پەیڕەوی دەکرد، چونکە ئەمەش دەبێتە دڵە ڕاوکێیەك بۆ یاریزان و جەماوەر.

*** هەڵبژاردەی سویسرا توانی یەکسەر بگاتە کۆتاییەکانی مۆندیال، چۆن دەتوانی باسی ئەم هەنگاوە بکەیت؟**

- سەرەتامان زۆر ناخۆش بوو، یەکەم یاریمان بەرامبەر لۆکسمبۆرگ دۆڕاند، بەڵام ورەمان بەرنەدا و توانیمان لە یۆنان ببیەنەوە کە ئەم یارییە بۆ ئێمە یاری کۆتایی بوو.

*** تیروپشکی مۆندیال ئێوەی خستە کۆمەڵەی هەشتەم لەگەڵ ئیسپانیا و هندۆراس و چیلی، دوای زانینی ئەنجامی تیروپشکەکە هەستت بە چ کرد؟**

- ئەمە شتێکی مەزنە کە ڕووبەڕووی وڵاتێکی گەورە و بەناوبانگی وەکو ئیسپانیا دەبینەوە کە باشترین هەڵبژاردەیە لە جیهان بەڕاستی شەرەفێکی گەورەیە، هیندۆراس و چیلی هەریەکە شێوازێکی خۆیان هەیە و یارییەکی جوان و ڕێکوپێك دەکەن، ئێمە هەوڵ بۆ پلەی دووەم دەدەین بۆ گەیشتن بۆ قۆناغی دووەم و تەرکیزمان لەسەر هەرسێ یاری قۆناغی یەك هاوسەنگ دەبێت.

*** ئێستا ڕکابەرەکانی خۆتان ناسی، ئەمجارەیان چ دەکەن، ئێوە لە مۆندیالی ئەڵمانیای (٢٠٠٦) گەیشتنە قۆناغی دووەم؟**

- هەنگاوی یەکەممان بڕینی قۆناغی کۆمەڵەکانە، هەوڵیشی بۆ دەدەین.

*** ئەمە یەکەمین مۆندیالە لە کیشوەری ئەفریقیا بێت، بە گشتی چاوەڕوانی چ دەکەن؟**

- وابزانم خاسیەتێکی تایبەت دەبێت، چونکە یەکەمین جارە لە ئەفریقیا دەکرێت و بە قەناعەتەوە دەڵێم تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو دەبێت و جیاوازی لەگەڵ مۆندیالی ئەڵمانیا دەبێت کە ئەمەش پەیوەندی بە ڕۆشنبیری هەیە.

*** هەڵبژاردەی ئیسپانیا یەکێك دەبێت لەو هەڵبژاردانەی کە بۆ بە دەستهێنانی ئەم نازناوە کاندید کراوە، بەرای تۆش کێ ئەم نازناوە دەباتەوە؟**

- ڕاستە هەڵبژاردەی ئیسپانیا یەکێکە لە پاڵێوراوەکان، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە هەردوو هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و بەرازیل ئاستی بەرز لە پاڵەوانیەتییە گەورەکان نیشان دەدەن، ئیسپانییەکان لەو کات و ساتەدا بەشێوازێکی باش یاری دەکەن و بە توندی دێنە نێو ڕکابەرییەکان، من نامەوێ هەڵبژاردەیەك هەڵبژێرم بۆ بە دەستهێنانی ئەم نازناوە، تەنیا ئەوە دەڵێم هەڵبژاردەی ئاست بەرز مافی خۆیەتی ئەم نازناوە بباتەوە وەکو ئەوەی لە کۆتاییەکانی یۆڕۆی ٢٠٠٨ روویدا.

*** لەوانەیە بە یاریزانێکی لاو سەرسام بوویت، ئەم یاریزانانە کێن دەبنە پێشەنگ بۆ تۆ؟**

- بە بەردەوامی زینەدین زێدان لای من یاریزان بوو، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دووردرێژ بە ئاستێکی بەرز یاریکرد، زۆر یاریزان سەلماندیان کە یاریزانی باش و لێهاتوون، لەوانە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و بە تەکنیکی بەرز یاری دەکات و ئەمە شەرفێکی گەورەیە بۆ من کە ڕووبەڕووی یاریزانێکی ئاست بەرزی وەکو ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی ببمەوە.

*** ترست لە هیچ یاریزانێکی ڕکابەر هەیە کە ڕووبەڕووت ببنەوە؟**

- دان بەوە دەنێم زۆر گران و ترسناکە کە یاریزانێکی وەکو من ڕووبەڕووی یاریزانی بایەرن میونیخ مارتن دیمیکلس بێتەوە، چونکە توانا و ئاستی لەشی زۆر بەرزە.



# سبەی بەرشەلۆنە لە بەرامبەر شتوتگارد یاری

دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو یارییەکانی قۆناغی ١٦یەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەستی پێکرد، پاش گۆڕینی سیستەمی یارییەکان کە هەر هەفتەیەك ٤ یاری بەڕێوە دەچێت، هەفتەی رابردوو ٤ یاری بەڕێوە چوو، وا بڕیارە سبەی سێشەممە و چوارشەممە چوار یاری تر بەڕێوە بچێت، ئەمەش خوێندنەوەیەکە بۆ یارییەکانی رۆژی سێشەممە و چوارشەممە.

راپۆرت: رێبین رەمزی

**یارییەکانی رۆژی سێشەممە**

**شتوتگارد * بەرشلۆنە**

ئەم یارییە بۆ یانەی بەرشلۆنە زۆر گرنگە، دوای ئەوەی بەرامبەر یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید تووشی یەکەم دۆڕان هات و لە هەمان کاتدا زۆربەی زۆری یاریزانەکان تووشی پێکان هاتن کە رەنگە لەم یارییەدا بەشداری نەکەن وەکو زاڤی و یایا تۆری و سیدۆ کیتا.... هتد. ئەمەش کێشە یەکی گەورەی بۆ راهێنەر گواردیۆلا دروست کردووە، بۆیە لە یارییەکان پشتی بە یاریزانە لاوەکان بەستووە کە ئەزموونیان لە یارییە گەورەکان کەمە، لە هەمان کاتدا یانەی شتۆتگارد هەوڵ دەدات بە باشترین شێوە یاریکردن میوانداری بەرشلۆنە بکات، لە نێو یاریگەی خۆی بە ئەنجامێکی باش و تۆمارکردنی زۆرترین گۆڵ سەرکەوتن بە دەستبهێنێت بۆ ئەوەی لە یاری هاتن تووشی هیچ کێشەیەك نەبێت.




**ئۆلۆمپیاکۆس * بۆردۆ**

بە پێی پێشبینی چاودێران کەس ناتوانی پێشبینی ئەنجامی ئەم یارییە بکات، چونکە هەردوو یانە ئاستیان لە یەك نزیکە، بۆیە هەردووکیان هەوڵ دەدەن بۆ قۆناغی هەشتەم سەرکەون، یانەی بۆردۆ پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی فەرەنسا لە قۆناغی یەکەم ئاستێکی یەکجار بەرزی نیشاندا توانی یانەیەکی گەورەی وەکو یۆڤنتۆس بخاتە دەرەوەی خولی پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بۆیە لەم یارییە راهێنەر لۆران بلان پشت بە یاریزان مەروان شەماغ دەبەستێت بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باش لە دەرەوەی یاریگەی خۆی بە دەستبهێنێت، لە بەرامبەردا یانەی ئۆلۆمپیاکۆس لە نێو یاریگەی خۆی یاری دەکات بۆیە هەوڵ دەدات دڵی جەماوەرەکەی لە خۆی رازی بکات و ئەنجامێکی باش لەم یارییە بە دەستبهێنێت، یارییەکەش لە نێو یاریگەی ئۆلۆمپیاکۆس بەڕێوە دەچێت.

**یارییەکانی رۆژی چوارشەممە**

**ئەنتەر میلان * چێلسی**

لە لووتکەی یارییەکانی خولی پاڵەوانەکانی ئەوروپا یانەی ئەنتەر میلان میوانداری یانەی چێلسی دەکات، لەم یارییە مۆرینهۆ رووبەڕووی یانەی پێشووی چێلسی دەبێتەوە، هەردوو یانە لە خولەکانی ئیتاڵیا و ئینگلتەرە لە پێشەنگی خولەکانیان دێن و جیاوازییەکی باشیان لەگەڵ رکابەرەکانیان هەیە، یانەی ئەنتەر میلان هەوڵ دەدات لەم یارییە سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، چونکە مۆرینهۆ چاوی لە بە دەستهێنانی ئەم پاڵەوانییەتییە. دوای ئەوەی توانی لەگەڵ پۆرتۆ سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بەڵام لەگەڵ یانەی چێلسی نەیتوانی ئەم دەستکەوتە تۆمار بکات. کارلۆ ئەنشیلۆتی شارەزاییەکی تەواوی لەسەر چۆنییەتی یاریکردنی ئەنتەر میلان هەیە، بۆیە هەر چۆنیك بێت هەوڵی ئەنجامێکی باش دەدات و هیچ کێشەیەکی لە پێکهاتەی یانەکەی نییە، یارییەکە لە یاریگەی ئەنتەر میلان بەڕێوە دەچێت.

**سیسکا مۆسکۆ * ئیشبیلیە**

هەردوو یانەی سیسکا مۆسکۆ و ئیشبیلیە هەوڵ دەدەن مێژوویەك بۆ خۆیان تۆمار بکەن و ئەنجامێکی باش لەم پاڵەوانییەتییە بە دەستبهێنین، یانەی سیسکا مۆسکۆ هەوڵ دەدات لەنێو یاریگای خۆی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بە جیاوازییەکی باشی گۆڵ بۆئەوەی لە یاری هاتن تووشی گرفت نەبێت، لە بەرامبەردا یانەی ئیشبیلیە بە ئەنجامێکی باش سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، لەم چەند هەفتەیەدا لە یارییەکان ئاستێکی یەکجار باش نیشان دەدات، بۆیە گەر بە یەکسانبوونیش بێت بگەڕێتەوە ئیسپانیا، ئەمە دەبێتە دەستکەوت بۆ یانەی ئیشبیلیە، یارییەکە لە یاریگای سیسکا مۆسکۆ بەڕێوە دەچێت.

**یارییەکانی هەفتەی رابردوو**

**ئەی سی میلان * مانچستەر یۆنایتد**

یانەی مانچستەر یۆنایتد توانی سەرکەوتنێکی یەکجار گرنگ بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی توانی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی لە یانەی ئەی سی میلان بە ئەنجامی (٣-٢) گۆڵ بباتەوە. هەرچەندە یانەی میلان توانی لە رێگای رۆناڵدینهۆ گۆڵ تۆمار بکات، بەڵام شەیتانە سوورەکان بە سەرکردایەتی واین رۆنی توانیان ٣ گۆڵ تۆمار بکەن، سەرەتا لە رێگای یاریزان پۆڵ سکۆلز کە گۆڵی بەرامبەری تۆمار کرد و لە گێمی دووەم یاریزان واین رۆنی توانی دوو گۆڵ تۆمار بکات، هەرچەندە یاریزان سیدۆرف توانی یەکێك لە جوانترین گۆڵەکانی ئەم پاڵەوانییەتییە تۆمار بکات، بەڵام ئەمە سودی نەبوو یارییەکە



# دەکات و بۆردۆ دەبێتە میوانی ئۆڵۆمپیاکۆس

بە سەرکەوتنی شەیتانە سوورەکان بە کۆتا هات، یاریزان رۆناڵدینهۆ یەکێك لە باشترین یارییەکانی ئەنجامدا دوای ئەوەی ئاستێکی یەکجار بەرزی نیشاندا، بە بێ رکابەر ئەستێرەی یارییەکە بوو، هەرچەندە لیۆناردۆ تەئکید لەوە دەکاتەوە کە هێشتا چانسی میلان ماوە بۆ ئەوەی بۆ قۆناغی داهاتوو سەرکەوێت، بەڵام ئەرکی قوتابییەکانی لیۆناردۆ زۆر زەحمەتە لە یاریگەی ئۆڵدترافۆرد.

**لیۆن * ریال مەدرید**

هەفتەی رابردوو یانەی ریال مەدرید هەوڵی دا یەکەم سەرکەوتن لە یاریگەی لیۆن تۆمار بکات دوای ئەوەی لە چوار یاریدا نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێکی بەرامبەر یانەی لیۆن تۆمار بکات، بەڵام یانەی لیۆن لەم یارییە ئاستێکی یەکجار باشی نیشاندا و توانی سەرکەوتن بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر تۆمار بکات، گۆڵەکەش لە رێگای یاریزانی کامیرۆن جۆن ماکۆن تۆمار کرا بە لێدانێکی بەهێزی زۆر جوان لە دەرەوەی ناوچەی سزا، گۆڵچی ئیکەر کاسیاس نەیتوانی تۆپەکە دووربخاتەوە، بەم ئەنجامە یانەی لیۆن توانی پێش یاری هاتن ئەنجامێکی باش تۆمار بکات. ئەمەش سەرژمێرییەك دەرباری یارییەکانی ریال مەدرید و لیۆن لە خولی پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

* هەردوو یانەی لیۆن و ریال مەدرید ٥ جار رووبەرووی یەکتر بووینەوە، یانەی لیۆن لە ٣ یاری توانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و لە ٢ یاری هەردوو یانە یەکسان بوون و یانەی ریال مەدرید هیچ سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێناوە.

* لەم ٥ یارییە، یانەی لیۆن توانی ٩ گۆڵ لە ریال مەدرید تۆمار بکات و یانەی شاهانە تەنیا ٣ گۆڵی تۆمار کردووە.

* یانەی لیۆن لە نێو یاریگەی خۆی هیچ یارییەکی بەرامبەر مەدرید نەدۆڕاندووە، بەڵام لە یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ لە دوو یاریدا یەکسان بوونە.

* لە ٣ پاڵەوانییەتیدا، یانەی ریال مەدرید لەسەر دەستی یانەکانی فەرەنسی دۆڕاوە، ئەویش لەگەڵ یانەی مۆناکۆ لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ لە قۆناغی هەشتەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، لەگەڵ یانەی پاریس سان جیرمان لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ لە جامی یەکێتی ئەورووپا و لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤ لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

بۆیە ئەرکی یانەی شاهانە لە یاری هاتن زۆر قورس دەبێت و پێویستی بە سەرکەوتن بە دوو گۆڵی خاوێن هەیە بۆئەوەی سەرکەوێت بۆ قۆناغی هەشتەم.

**بایرن میونیخ * فیۆرێنتینا**

یانەی بایرن میونیخ ئاستێکی یەکجار خراپی نیشاندا کاتێك لە نێو یاریگەی خۆی میوانداری یانەی فیۆرێنتینا کرد، زۆر بەزەحمەت توانی بەئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك بباتەوە، ئاستی یانەی بایرن میونیخ وەکو پێویست نەبوو، گۆڵەکانیش لە رێگای یاریزانان ئەرین رۆبن و میرسۆلاڤ کلۆزە تۆمار کران و تاکە گۆڵی یانەی فیۆرێنتینا لە رێگای یاریزان بیر کرولدرۆب تۆمار کرا، لەم یارییە یانەی فیۆرێنتینا ئاستێکی زۆر بەرزی نیشاندا، چەندین هێرشی مەترسیداری بردە سەر گۆڵی یانەی بایرن میونیخ، هەر لەم یارییە یاریزان ماسیمۆ گۆبی کارتی سووری وەرگرت، بۆیە ناتوانێ لە یاری هاتن بەشداری بکات.

**پۆرتۆ * ئەرسناڵ**

یانەی پۆرتۆ توانی سەرکەوتنێکی یەکجار گرنگ لە نێو یاریگەی خۆی بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی توانی بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك لە یانەی ئەرسناڵ بباتەوە، یانەی پۆرتۆ ئاستێکی بەرزی نیشاندا توانی دوو گۆڵ لە رێگای یاریزانان سیلڤستر ڤارێلا و رادمێل ڤالکاو تۆمار بکات و تاکە گۆڵی یانەی ئەرسناڵ لە رێگای یاریزان سۆل کامبل تۆمار کرا، بۆیە لە یاری داهاتوو یانەی ئەرسناڵ پێویستی بە بردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ قۆناغی داهاتوو سەربکەوێ. یارییەکەش لە یاریگەی ئیمارات بەڕێوە دەچێت، ئەرسین فینگر بەهەر شێوەیەك بێت هەوڵ دەدات دڵی هاندەرانی یانەکە خۆش بکات، چونکە لە وەرزی ئەمساڵ چاوی بڕیوەتەوە بەدەستهێنانی ئەمپاڵەوانییەتییە.








# ژمارە پێوانەییەکانی ئەم هەفتەیە

ئەم هەفتەیە چەندین رووداوی گرنگ روویدا لە هەمان کاتدا چەندین ژمارەی پێوانەیی تۆمارکراون، ئەمەش ژمارە پێوانەییەکانە.

* ٥٠٠ یاری ژمارەی یارییەکانی گۆڵچی ئیکەر کاسیاس-ە لەگەڵ یانەی ریاڵ مەدرید دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو لە خولی ئیسپانیا ریاڵ مەدرید رووبەڕووی یانەی خێرێس بۆوە، لەم یارییە توانیان سەرکەوتن بە ئەنجامی ٣ گۆڵی خاوێن بە دەست بهێنن، لە هەمان کاتدا یاریزان کاسیاس ئەمە ١٣یەم یارییە لە خولی ئیسپانیا کە هیچ گۆڵێکی لێ تۆمارنەکراوە و دەبێتە ١١یەم یاریزان لە مێژووی ریاڵ مەدرید کە ٥٠٠ یاری ئەنجام بدات.

* ٨٢ ژمارەی گۆڵەکانی گۆڵچی رۆجێرۆ سینی-ە گۆڵچی یانەی ساوپاولۆ لەم هەمان کاتدا لەم ٨٢ گۆڵە کاتێك ئەم گۆڵچیە کە گۆڵی تۆمار دەکرد یانەکەی تووشی دۆڕان نەدەهات دوای ئەوەی رۆجێرۆ هەفتەی رابردوو لە خولی بەرازیل توانی گۆڵی سەرکەوتن بۆ یانەکەی لە رێگای لێدانی سزا تۆمار بکات، بەمەش دەبێتە یەکەم گۆڵچی لە مێژووی تۆپی پێ جیهان کە بتوانێ ٨٧ گۆڵ تۆمار بکات کە تیاییدا ٤٩ گۆڵی بە لێدانی فاوڵی راستەوخۆ تۆمار کردووە و ٣٨ گۆڵی بە لێدانی سزا تۆمار کردووە.

* ٧٩ ساڵە یانەی بۆلۆنیا بەشداری لە خولی ئیتاڵیا کردووە بە بێ ئەوەی بتوانێ لە نێو یاریگەی لیڤۆرنۆ سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بەڵام هەفتەی رابردوو دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بۆلۆنیا توانی سەرکەوتن لە یاریگەی ستادیۆ بیتچی کە تایبەتە بە لیڤۆرنە بەدەستبهێنێت بە گۆڵێکی بێ بەرامبەر، گۆڵەکەش لە رێگای یاریزان مارکۆ دیڤایۆ تۆمارکرا.

* ٤١٪ لە گۆڵەکانی یانەی لیۆن لە وەرزی ئەمساڵ لە دوای ١٥ خولەکی کۆتایی یاری تۆماری دەکات لە هەفتەی رابردوو یانەی لیۆن رووبەڕووی یانەی لنس بۆوە توانی یارییەکە بباتەوە دوای ئەوەی یاریزان دیلگادۆ توانی گۆڵی سەرکەوتن لە خولەکی ٧٨ تۆمار بکات، ژمارەی گۆڵەکانی یانەی لیۆن کە توانیویەتی لە ١٥ خولەکی کۆتایی یارییەکە تۆمار بکات، ١٦ گۆڵە.

* ١٦ یاری لە دوای یەك بە بێ دۆڕان لە دەرەوەی یاریگەی خۆی، ئەمە ژمارەی پێوانەیی تازەی یانەی مانچستەر یۆنایتد-ە دوای ئەوەی توانی لە خولی پاڵەوانانی ئەوروپا لە یاریگەی سانسیرۆ لە یانەی میلان بباتەوە، دوای ئەوەی ژمارەی پێوانەیی بە ناوی هەر سێ یانەی مانچستەر یۆنایتد و ئەجاکس ئەمستردام و لازیۆ بوو کە لە ١٥ یاری یەك لە دوای لە دەرەوەی یاریگەی خۆیان تووشی دۆڕان نەهاتبوون.



## یاسین محەمەد گۆڵچی یانەی پێشمەرگەی هەولێر:

# خولی کوردستان رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەبێت

**لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری نەغەدە لە ئێران لە دایك بووە، یەكێك لە گۆڵچییە بەتواناكانی كوردستان، لە ئێرانیش بۆ چەندین یانەی ئێران یاری كردەوە، ماوەی دوو ساڵیش دەبێت، بە پێی بۆندێك هاتۆتە ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، بەهۆی ئاست بەرزی لە چەندین یانەكانی تری كوردستان بۆندی بۆهاتووە، ئێمەش لە نزیكەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***ئاستی ئەم ساڵی خولی نایابی كوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەڕاستی ئاستی ئەمساڵژ زۆر لە پار ساڵ بەهێزترە، چونكە ئاستی یانەكانی كوردستان زۆر لە یەكتری نزیكە، لەوبڕوایەشم ساڵ بە ساڵ ئاستی خولی كوردستان بەرەو پێش دەچێت.

***بۆچی ئاستی یانەكەتان رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپی دەچێت؟**

- یانەكەمان یانەیەكی زۆر باشە، یاریزانەكانمان ئاستیان زرۆ بەرزە، بەڵام هەندێك كێشەمان هەیە، وەك نەبوونی چانسێكی باش لە یارییەكان و هەندێك كێشەی تریش كەوا تایبەتە بەخۆمان.

***دەست لە كاركێشانەوەی راهێنەر عەبدولقادرحوسێن و هاتنی كاپتن سۆرابی ئێرانی كاریگەری بەسەر ئاستی یانەكەتان دەبێت؟**

- لای هەموان ئاشكرایە كەوا راهێنەری یانەكەمان مامۆستا عەبدولقادر ڕاهێنەرێكی بە توانایە ئەو چەند یارییەی كەوا ئێمەی بە جێهێشتوە شوێنی دیارە، بەڵام ناوبراو چانسی نەبوو، خۆشی دەستی لە كاركێشایەوە.

***بڕواتان بەخۆتان هەیە كەوا ئەم ساڵ لە خولی نایابی كوردستان بمێننەوە؟**

- پەنا بەخوا هەوڵ دەدەین بمێنینەوە و ئاستی یانەكەمان بگەڕێتەوە ئاستی جارانی و لە جارانیش باشتر بین.

***ئەگەر یانەكەتان دابەزی بۆ ریزی پلە یەكەكان ئامادەی لە یانەی پێشمەرگە بمێنیتەوە؟**

- بڕواناكەم لەگەڵ یانەكە بەردەوام بم، بیر لە یانەیەكی دیكە دەكەمەوە.

*** كێشەو گرفتی یانەكەتان لەچی دایە؟**

- دوای رۆیشتنی مامۆستا عەبدولقادر هەندێك كێشەمان بۆدروست بوو لەسەر راهێنەر، لەو بڕوایەشم دەستەی كارگێڕی یانەكە ئەم كێشانە چارەسەر دەكەن.

***لە وڵاتی ئێران بۆچەند یانەی ئەو وڵاتە یاریت كردووە؟**

- سەرەتا لە یانەی كەیوانی شاری نەغەدە دەستم بە وەرزش كرد، دواتر چوومە ریزی یانەی ئیسفەهانی ئیسفەهان، كەخۆیان داوایان لێكردم، دواتریش لە یانەی هێزی زەوی ئێرانی داواكرام و چوومە ریزی ئەو یانەیە، بەڵام بە هۆی هەندێك كێشە لەگەڵ یانەكەم، ریزی یانەكەم جێهێشت.

***ئەی چۆن بوو ریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێرت هەڵبژارد؟**

- دوای جێهیشتنی یانەكەم ماوەی یەك مانگ دانیشتم، دواتریش یانەی پێشمەرگەی هەولێر بانگهێشتی كردم و بۆندم لەگەڵیان مۆركرد.

***بڕیارت نەداوە جارێكی تر بچیتەوە ئێران و لە ریزی یانەكانی ئەو وڵاتەدا یاری بكەی؟**

- نەخێر چونكە لەوێ غەدرێكی زۆرم لێكرا، باوەڕ ناكەم جارێكی تر بگەڕێمەوە یانەكانی ئەو وڵاتە.

***هیچ یانەیەك داوای لێ نەكردی یاری بۆ بكەی؟**

- بەڵێ هەر یەكە لە یانەكانی هەولێر و هەندرێن و پێرس چەندین یانەی تر پەیوەندیان پێوە كردم كە یارییان لەگەڵ بكەم، بەڵام یانەی پێشمەرگەی هەولێر رێگەیان پێ نەدام كەوا یانەكە جێبهێڵم.

***ئەگەر بەراوردێك لە نێوان خولەكانی ئێران و خولەكانی كوردستان بكەی، كامەیان بەهێزترە؟**

- خولی كوردستان تەمەنێكی كورتی هەیە لە چاو خولی ئێرانی، دیارە ئاستی خولی ئێرانی بەهێزترە. هەرچەندە خولی كوردستانیش رۆژ بە رۆژ بەهێز دەبێت.

***لە دوای كۆتایی هاتنی بۆندەكەت لەگەڵ یانەكەتان بە نیازی چی؟**

- جارێ بڕیاری كۆتایی خۆم نەداوە با خولی كوردستان كۆتایی پێبێت ئەوكات قسەیەكی لێ دەكەم.

*** دوا پەیڤتان ؟**

- سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەكەم بۆ بەسەر كردنەوەی یاریزانان.



دیمانە: كارزان كانیی